جرتوفرتی ئەمدووایی یەی

جەلال تاڵەبانی

بۆ ریککەوتن لەگەڵ

بەعسی یەکانی بەغدادا

تکایە بەپێی توانا کۆپی و بڵاوی بکەرەوە

ئەم نووسراوە ، کە لەلایەن یەکێ لە ماموستاکانی بیری نەتەوەیی کورد یـیـەوە نووسراوە ، ئەمە بۆ یەکەمجارە کە بە چاپکراوی و بەشێوەیەکی بەرفراوان بکەوێتە بـەردەسـتـی جەماوەری دڵسۆزی کورد . پێشتر تەنێ لەنێو هاوبیرانی سەر بە بیری کوردایەتیدا بلاوکراوەتەوە . لێرەدا پێویستە لەو راستییەش ئاگادار بین کە ئەم نامەیە پێوەندیی بە هیچ رێکخستنێکی سیاسیی کوردستانەوە نەبـووە و نـیـیـە . هەر لەسەرەتاوە ئاراستەی هاوبیرانی بیری نەتەوەیی کوردی کراوە ، چ لە کوردستان و چ لە هەندەرانیشدا . سەبارەت بە دروشمی سەرنامەکە و بەکارهێنانی وشەی ( هاوبیر ) ، تەنها پێوەندیی بە تێکۆشان و مێژووی سیاسیی نووسەرەوە هەیە و هیچی دی .

ئێمەش وەکوو هەڵگرانی بیروباوەڕی کوردایەتی ، بەپێویستمان زانی کە دەستنووسی ئەم نامەیـە چاپ و بلاو بکەینەوە . بەتایبەتی لەکاتی ئەمڕۆدا کە سەرانی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان لە باشووری کوردستاندا ، پاش ئەو هەموو ئەزموونە تاڵ و پڕ لە خەڵەتاندن و کارەساتانەی کە بزووتـنـەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا کەڵەکەی کردووە ، کەچی تـازە بە تازە هەر هەمان ( تاوان و نۆکەرایەتی ) ی کە سالانێکی زۆرە بە دڵسۆزییەوە ئەنجام دەدرێ ، ئێستاش هەر هەموویان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان ، چەندین بارەی دەکەنەوە .

ئێمە بەناوی تەواوی جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردەوە ، بەناوی هەموو کەسوکاری شەهیدانی کوردستانەوە ، بەناوی گشت کوردێکی ماڵوێرانکراو و دەربەدەرکراوەوە ، بەناوی خۆمانی ئـاوارە و دڵسووتاوەوە پڕ بە گەروومان هاوار دەکەین و دەڵـێـیـن :

— ئەی سەرۆک ( مـافـیـا ) کانی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی ، هەتا کەی دەستبەرداری بازرگانی نابن بە ( خوێن و فرمێسک ) ی جەماوەری رەشورووتی کوردەوە ؟ !!! .

— ئەی سیاسەتچییە مەکیاڤیلیستەکانی نێو شۆڕشی کوردستان ، هەتا کەی واز لە خوێنڕشتنی کۆمەلانی هەژار و چەوساوەی کورد ناهێنن ؟ !!! .

— ئەی خۆفرۆشتووە ریسوابووەکانی نێو سیاسەتی جیهانی ، هەتا کەی دەست لە نۆکەرایەتی و جاشێتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەڵناگرن ؟ !!! .

— ئەی بێویژدانە شەرمەزاربووەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری ، هەتا کەی خەبات و تێکۆشانـی جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزی کورد ، تەرمی پیرۆزی پێشمەرگەی کورد دەکەنە سووتەمەنـیـی بەرژەوەندییە ناڕەواکانی خۆتان و شۆڤێنیستە داگیرکەرەکانی نێو میللەتانی سەردەستە ؟ !!! .

— ئەی دیکتاتۆرە ملهوڕەکان ، هەتا کەی واز لە دژایەتیکردنی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان ناهێنن و هەتا کەی سەرکردەکانیان ، شۆڕشگێڕەکانیان بەدەستی دوژمنانی کورد بەکـووشـت دەدەن ؟ !!! .

— ئەی جەماوەری کۆڵنەدەری کورد ، ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ، هەر ئێوەن کـە دەتوانن بە دەستێکی پۆلایینی بەزەبروزەنگ ئەو سیاسەتچییە نۆکەرانەی دوژمنانی کورد ، ئـەو پاسەوانانەی سنووری دەستکردەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، بەسزای رەوای خۆیانیان بگەیەنن ، تۆڵەی کوردستانی وێرانکراو و کوردی دەربەدەرکراو و خوێنی شەهیدان بکەنەوە .

کۆمەڵێ ئاوارەی کورد لە هەندەران — جۆزەردانی ١٩٩١

هەواڵنامەی کتێب

کوردستانێکی ئازاد

گەلێکی یەکسان

نامە بۆ هاوبیران

٦/ ١ / ١٩٨٤

سەرنج

تکایە جارێ ئەم نامەیە لە ریزەکانی هاوبیران نەچێتە دەرێ .
زۆر سوپاس

## ( جرتوفرتی ئەم دواییەی جەلال تاڵەبانی بۆ ریککەوتن لەگەڵ بەعسییەکانی بەغدادا )

مەسەلەی جرتوفرتی ئەم دواییەی جەلال تاڵەبانی و داروودەستەکەی و هەوڵدانیان بۆ (( ریککەوتن )) لەگەڵ حکوومەتی بەعسییەکانی بەغدادا ؛ شتێکی هەروا سادە و سووك نییە و ئێمەش نابێ ــ وەك هێندێك دەستەوەرەی سیاسیی دی کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم رووداوە گرنگەدا لە (( جاشێتیی شەستوشەشی )) ی جەلالەوە دەروانن‌ە مەسەلەکە ــ ئێمەش، هەروەك ئەوان ، لەوێوە دەست پێ بکەین .

راستییەکەی مەسەلەی ئەمجارە وەك بەزمی ساڵی (٦٦) نییە و مەسەلەکەش هەر پێوەندیی بە (( جەلال )) ەوە نییە و ئێمەش خۆمان بە هەڵە دەبەین ؛ ئەگەر بێتو هەروا رووگرانە ( سطحی ) تەماشای بکەین . مەسەلەی ساڵی (٦٦) کە سەرەتاکەی لە ئاژاوەی (٦٤) ەوە دەستی پێ کرد و گەراکەی لە (٥٩) وە خرابوو ؛ هەڵگەرانەوەیەکی چین یا دەستەی هوردە بۆرژوای کورد بوو لەرووی سەرکردەیەتیی کلاسیکیی بزووتنەوەی کوردایەتیدا ؛ بەنیازی پێکهێنانی سەرکردەیەتییەکی سەربەخۆ بۆ هوردە بۆرژوای کورد و بەتەمای دەستگرتن بەسەر سەرجەمی بزووتنەوەی کوردایەتیدا . جا لەبەرئەوەی دەستەی هوردە بۆرژوای کورد ــ بەپێچەوانەی سەرکردەیەتیی کلاسیکییەوە ــ لە کوردستاندا بنکەیەکی جەماوەری نەبوو ، ئیدیۆلۆژییەکەشی ــ بەپێچەوانەی ئیدیۆلۆژیی سەرکردەیەتیی کلاسیکییەوە ــ ناچینانە و نیشتمانییانە نەبوو ؛ بەڵکوو ئیدیۆلۆژییەکی مارکسییانەی ریفۆرمیستانەی کلکوگوێ کراوی لەدەرەوە هێنراو بوو ؛ ئەوەبوو پاش ئەوەی هوردە بۆرژوای کورد لە مەیدانی خەباتی سیاسی و چەکدارانەدا بەزی ، لەبەر بێدەسەڵاتی خۆی ؛ چوو پاڵی دا بە پاڵ هوردە بۆرژوای دەست رۆیشتوو و دەستەڵاتداری عەرەبەوە و هەر ئەوە بوو لە (١٩٦٦) بەولاوە چارەنووسی خۆی بەست بە چارەنووسی داگیرکەرانی عەرەبەوە ؛ تا ریککەوتنەکەی مارتی ١٩٧٠ .

بەڵام مەسەلەی ئەمڕۆی هوردە بۆرژوای کورد ، بەتایبەتی جەلال ،جیایە . ئەمڕۆ هوردە بۆرژوای کورد لە دوو بەشی کوردستاندا ( لە رۆژهەڵات و خواروودا ) هێزێکی چەکداری هەیە و لە بەشەکانی دیی کوردستان و وولاتەکانی ئەورووپادا ریکخراوی جۆرجۆری تایبەتیی خۆی هەیە . هەروەها لەگەڵ سۆسیال دیمۆکراتەکانی ئەورووپادا کە هێندێکیان لەسەر حوکمن یا لەسەر حوکم بوون ، وەك میتەرانی فەرەنسا و پاڵمەی سوێد وکرایسکی نەمسا ، هاتوچۆ و دان‌وستاندنی هەیە . بێجگە لەوەش پێوەندیی نهێنیی بە گەلێك داوودەزگای بەرەی رۆژاواوە هەیە و لە کوردستانیشدا لە ململانێیەکی چەکدارانەدایە لەگەڵ سەرکردەیەتیی کلاسیکیی هەڵگری بیری ناچینایەتی و سەرکردەیەتیی نەتەوەییی هەڵگری بیری سۆسیالیزمی کوردی و سەرکردەیەتیی ئایینیی هەڵگری بیری ئیسلامەتی .
ئەم ململانێیەشی بۆ ئەوە نییە کە خۆی سەربەخۆ بکات ؛ چونکە دەمێکە وەك ریکخراو سەربەخۆیە ،

بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە گورەپانی سیاسەت لە کوردستاندا بۆ خۆی داگیر بکات • جا لەبەر ئەوەی سەرکردەیەتیی هوردە بۆرژوای کورد ، بەتایبەتی دەستەی جەلال ، لەلایەکەوە گوایە (( بیری پێشرەوانە )) ، بەڵام لە بنەڕەتدا (( تۆتالیتارانە )) کەوتووەتە سەری و لەلایەکی دییەوە کەم تەجرەبە و زرك و کورت بینە ؛ دیارە شتێکی ئەوەندە زەحمەت نییە کە بە فرتوفێڵی داگیرکەرانی کوردستان و بەرەی ئیمپریالیستەکانی جیهانیی قاڵبووی کەینوبەینی شەیتانانە بخەڵەتێ و بکەوێتە مەکۆ و داویانەوە • جا بۆ تێگەیشتن لەم هەڵوتەقەلایەی دوایی جەلال و بەعسی یەکان ؛ دەبێ مەسەلەی هێزە لەیەك ئالاوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێوەندییان بە هەردوو لەشکرگە مەزنەکەی رۆژهەڵات و رۆژاوا وە بخەینە بەرچاو :

یەکێك لەو هەلومەرجە گرنگانەی کە ئەمرۆ نەتەوەی کورد تێیدا دەژی ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە خۆیان دابەشکردووە ناتوانن وەك جاران ، هەرکاتێك ویستیان ، دەستی یارمەتی بدەنە دەست یەك و بۆ پێکەوە لێدانی کورد ، بە فیکەیەك بکەونە رێ • بەڵکوو بەپێچەوانەی جارانەوە ، ئەمرۆ هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە هەوڵ دەدا کوردی ژێردەستی دەوڵەتەکەی دی بۆ خۆی راپکێشێ و بیکا بەگژ فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتە دراوسییەدا کە کوردەکە لەژێر سایەیدا دەژی •

ئەم پێوەندییە تازەیەی نێوان داگیرکەرانی کوردستان لەودەمەوە دەست پێ دەکات کە ناسیۆنالیزمی عەرەب بە سەرۆکایەتیی ناسر لە پەنجاکاندا ، وەك ئیدیۆلۆژییەکی سیاسی هاتە کایەوە و بە رووی رژێمەکانی ، سەر بە پەیمانی بەغدای ، تورکیا و ئێران و عێراق و بەرەی رۆژاوای پارێزەریاندا هەڵ پژایەوە • ناسیۆنالیزمی عەرەب بە سوود وەرگرتن لە ناکۆکیی بەژێرەوەکراوی نێو ریزەکانی جیهانی سەرمایەداری ، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئینگلستان و فەرەنسا ، توانی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ، هێندێك لە داخوازییەکانی خۆی وەك (( تەئمیم )) ی کەناڵی سوێس و پێوەندی کردن لەگەڵ سۆڤێت بۆ کرێنی چەك ، بەجێبگەیەنێ و لەگەڵ ئەم هەنگاوە تازەیەشدا ناچار بوو دەسەڵاتی سۆڤێت بکێشێتە ناوچەکەوە و ئەمەش لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی بەرەی رۆژاوا ، بەتایبەتی ئینگلستان تەواو بوو • پاش ئەوەی ناسر کەوتە سواندنی ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەو هاوکارییە کۆنەی لەنێوان داگیرکەرانی کوردستاندا هەبوو ؛ بەتایبەتی پاش یەکێتیی میسر و سووریا ، ئەمجا قاسمیش دوای کودەتاکەی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ هاتەکردەوە و بە یەکجاری زنجیرەکەی پساند و شان بەشانی ئەوەش دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیتی بەتەواوی لە ناوچەکەدا چەسپاند • بەم جۆرە لە کۆتاییی پەنجاکانەوە ناوچەکەمان بوو بە مەیدانی بۆرپۆرێن و پێشبڕکە لەنێوان هەردوو زلهێزەکەدا ، هەر لەوکاتەشەوە و ئێستەش تەمەنی هیچ جۆرە یەکگرتن یا لەیەکدانێکی ئەو هێزانەی لە ناوچەکەدا هەن ، بەبێ رازی بوونی دوو زلهێزە جیهانییە گەورەکە (( سۆڤێت )) و (( ئەمریکا )) زۆر درێژ نەبووە ، چونکە دەوڵەتەکانی ناوچەکە ، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەشکردووە ؛ یا پێیەندی ئەمریکا و بەرەی رۆژاوا بوون ، یا پێیەندی سۆڤێت و بەرەی رۆژهەڵات بوون ، واتە هیچ کامێکیان لە بڕیاردانداسەربەخۆ نەبوون •

شایانی باسە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا رووداوێکی بێهاوتا یا کەم هاوتایە لە مێژوودا • خۆ ئەگەر بێژیت سەرکردەی موسوڵمانەکانی بزووتنەوەی ١٩٧٨ / ١٩٧٩ ی ئێران ، یا بزووتنەوەکە خۆی ، لە بنەڕەتدا ، بوزاڵ بوونی لە مەیدانی شۆڕش و رووخاندنی رژێمی شایەتیدا ؛ سودی لە هەڵوێستی شلوشێواو یا فرتوفێڵی دۆست و هاوپەیمانە رۆژاواییەکانی شا وەرگرتبێ ، بێگومان ئەم (( سوود وەرگرتن )) ە دەورێکی وای نەبووە لە هەڵتەکاندنی داودەزگای شادا ، خۆ ئەگەر بوویێتیش ؛ ئەوا ئەو دەورە دەورێکی لاتەنیشت و لاوەکی بووە • ئیدیۆلۆژیی ئیسلامیی شیعەیەتی رەگوریشەی بەقووڵداچووی دێریکی ( عریق ) خۆی هەیە لە ئێراندا و بزووتنەوەی شیعەیەتی دەستکردی بێگانە نییە ؛ وەك ئەوەی ئەمرۆ هێندێك لە شاپەرستەکان و لایەنگرانی بەرەی رۆژاوا و هێندێك ساویلکە و نەزان و تەنگەتیکلە دەیانەوێ بیسوون بەسەریدا • ئەز کە دان بەم راستییەدا دەنێم بۆ بەرگریکردن لە شیعەیەتی و لەسەرکردنەوەی رژێمی ئیسلامی نییە ؛ بەڵکوو تەنێ لەبەر ئەوەیە کە پێم وایە ئێمە وەك کورد ، پتر لە هەموو گەلێکی دی و ئێمە وەك هەڵگرانی بیری سۆسیالیزمی کوردی پتر لە هەموو لایەکی دی پێویستمان

بە شیکردنەوە و توێژینەوەی بابەتانە و ڕەسەنانەی ڕووداوەکانە و دەبێ لەگەڵ خۆماندا ڕاستبین ، ئەگینا ناگەینە ڕاستی · جا لەبەرئەوە دەبێ بەر لە هەموو شتێك بزانین کە ئیدیۆلۆژیی ئیسلامیی شیعەیەتی ؛ ئیدیۆلۆژییەکی ئینتەرناسیۆنالیزمە ؛ زۆر بەتایبەتی ؛ ئەمجارە ، چونکە بەڕێوەبەرانی دامەزگا ئیسلامییەکەش عەرەبە کە خۆی نییە کە داهێنەری ئیسلامە ، بەڵکوو گەلێکی ناعەرەبە و فارسە ، دیارە ئەم شۆڕشە ئیسلامییەی ئێران دەورێکی مەزنی هەیە و دەبێ لە بێهێزکردن و بگرە ژێرخستن و ڕەنگە تەفروتوناکردنی شۆڤینیزمی عەرەب و تورك و فارسدا ، کە ئەمانە هەرسێکیان سێ مەترسی گەورەن بۆسەر نەتەوەی کورد ·

ئیدیۆلۆژیی ئیسلامیی شیعەیەتی ؛ هەر پاش سەرکەوتنی لە ئێراندا ، نەك هەر دەسەڵاتی بەرەی ڕۆژاوای بە سەرۆکایەتیی ئەمریکای هاوپەیمانی داگیرکەرە هەرە گەورەکەی کوردستان ( واتە تورکیا ) ی لە ئێراندا بەجاری نەهێشت و کارێکی وایکرد کە ـ بەپێی هەواڵێك کە گۆڤاری ( دێرشپیگل )ی ئەڵمانی لە ڕۆژی ٢/١/١٩٨٤دا (ل ١٠٠ ) بڵاوی کردبووەوە ـ ئەمریکا ناچاربوو وێسگەی گوێڕاگرتن و چاوەچاوکردن و جاسووسێتیی دژبە سۆڤیت لە ئێرانەوە بگوێزێتەوە بۆ سنووری چین و سۆڤیت ؛ بەڵکوو بە پێچەوانەی شۆڕشی پان عەرەبیزمی عەفلەقییەوە ؛ نەیهێشت و ناهێڵێ ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی دەرکردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەیدا بووە ؛ بە دەسەڵاتی سۆڤیت پڕببێتەوە ( بۆ ئەمەش سەرنجی هاوبیران بۆ چارەنووسی جاسووسە تودەییکانی سۆڤیت لە ئێراندا ڕادەکێشم ) · ئێرانی ئیسلامیی شیعەیەتی بەم هەنگاوەی کە نای ؛ ئەو پێودانگە کۆنەی هەڵوەشاندەوە کە بڕانەوەی هەموو مەسەلە و کێشەیەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەستبوو بە ڕێککەوتنی سۆڤیت و ئەمریکاوە · جا ئەگەر ئەوەش بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئیدیۆلۆژیی ئیسلامی لەسەرێکەوە نە چاولێکەری بیری سەرمایەدارانەی ڕۆژاواییە و نە قوتابیی بیری سۆسیال تۆتالیتێری بەرەی ڕۆژهەڵاتە و لەسەرێکی دیەوە و بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی عەفلەقییەوە ـ کە لە هێندێك ڕووەوە و بەتایبەتی لە مەیدانی مۆدێرن کردنی دەزگای دەوڵەتدا ـ لاسایی بیرۆکراتیی ڕۆژاوا دەکاتەوە ، ئیدیۆلۆژیی ئیسلامی دژی هەموو جۆرە پرنسیپێکی کولتووری ڕۆژاوایە · کە ئەمەشمان زانی دەتوانین لەوەش بگەین کە (( مساوەمەکردن )) لە فەرهەنگی ئیدیۆلۆژیی ئیسلامیی بنچینەگر ( السلفیه ) دا نییە و بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی شۆڤینیانەی هوردە بۆرژوای عەرەبەوە ، ئەم هەڵوێستەی ئیدیۆلۆژیی ئیسلامی ؛ هەلومەرجێکی لەباری وای دروستکردووە کە بزووتنەوەی کوردایەتی ـ تا ئەو ئەندازەیەی کە کوردایەتی سەربەخۆیە و پێبەندی هیچ هێزێکی دەرەوە نییە ـ بەتایبەتی بزووتنەوەی نەتەوەییی هەڵگری بیری سۆسیالیزمی کوردی ـ بتوانێ تروسکەیەکی ڕزگاری بەدی بکات ·

ڕەنگە ئێستە هاوبیری وا هەبن کە لەم قسەیە دابچڵەکێن و ئەوە بدەنەوە بە چاوەدا و بێژن کە پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کورد دەکوژن ، لێرەدا بەوانە دەڵێم کە من نەمگوتووە (( شۆڕشی ئیسلامی شۆڕشێکی کوردایەتییە )) ، بەڵام ئایە ئەو عەبدولکەریم قاسمەی کە لە ئەیلوولی ساڵی ( ١٩٦١ ) ەوە تا شوباتی ساڵی ( ١٩٦٣ ) ـ واتە لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردەوە تا ئەو ڕۆژەی بەدەستی بەعسییەکان کوژرا ـ بە تۆپ و فڕۆکە کوردستانی کاول نەکرد ، ئەی ئەو قاسمە هەر ئەو قاسمەش نەبوو کە بە ڕووخاندنی ڕژێمی شا فەیسەڵ و ڕماندنی پەیمانی سەنتۆ و تێکدانی یەکێتیی داگیرکەرانی کوردستان خزمەتێکی یەکجار گەورەی کوردی کرد ؟ بەڵی قاسم دۆستی کورد نەبوو ـ وەك نووسەری ئەم ووتارە لە یەکەمین ڕۆژی کودەتاکەیەوە ناسیبووی ، بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە پێیان دەگوت (( کاکە کەریم )) ـ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کردەوەکانی قاسم خزمەتێکی زۆر گەورە بوون بۆ کوردایەتی · ئێمە وەك لەمەوبەر گوتم نابێ ساکارانە بڕوانینە هیچ شتێك ·

هەر بەو جۆرەش دەبێ بزانین کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران خزمەتێکی یەکجار مەزنی پێشکەش بە مەسەلەی کوردایەتی کردووە کە دیارە ئەنجامەکەی هەروا زوو دەرناکەوێ و تا ئێستەش لەبەر پچڕپچڕی و لاوازیی بزووتنەوەی کوردایەتی سوودێکی ئەوتۆ وەرنەگیراوە لێی · مەرج نییە خزمەتگەیاندن هەر ڕاستەوخۆ و دەستبەدەست بێ ·

با بێینە سەر کرۆکی (مرکز) ی باسەکەی خۆمان • لەسەرەتای جەنگی ئێران و عێراقدا و تا ماوەیەکی زۆریش ئەم شەڕە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و سۆڤێت بوو • جەنگەکە خۆی مانای فرۆشتنی کالاّ و تفاقی شەڕ و خواردەمەنی و کەلوپەل بوو بە هەردوولا ؛ کە لە بازارەکانی ئێراق و ئێراندا دەفرۆشران • جەنگ مانای هێنانە خوارەوەی نرخی نەوتی عێراق و ئێران بوو ؛ لەبەر پێویستی زیادیی عێراق و ئێران بە پارە • ئەمریکا و سۆڤێت لەسەرەتاوە لایان وابوو کە عێراق و ئێران پاش ئەوەی ماوەیەک شەڕیان کرد و هێز براو لەبەریان ، ئەوجا ئەمان — وەک دوو ئاغای زلی بەدەسەلاّت — دەکەونە نێوانیان ، ئەوانیش هەردوولایان گوێرایەڵ دەکەن بۆ ئەمان و شەڕ دەوەستێنن بەنیازی دەست پێکردنەوەی و لەم ماوەیەدا دۆخێک (حالة) دروست دەبێ وەک دۆخی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبەکانی دەوروبەری ، واتە نە شەڕ نە ئاشتی • لەئەنجامی ئەوەشدا ئێراقیش و ئێرانیش هەردووکیان لەترساندا ناچار دەبن کە هەر یەکەیان بەسەروبەرەوە پاڵ بدات بەپاڵ یەکێک لەم دوو زلهێزە گەورەیەوە • ئەمریکا مرخی لە عێراق و سۆڤێتیش مرخی لە ئێران خۆشکرد بوو • بەلاّم پاش ئەوەی دوو ساڵێک بەسەر جەنگدا تێپەڕی و لەئەنجامدا دەرکەوت کە هوردەحسێبی ئەمریکا و سۆڤێت راست نەبووە و ئێران بە نێوبژیی سۆڤێت و ئەمریکا و هیچ لایەکی دی رازی نابێ و شەڕیش ناوەستا ؛ ئەمجا هەردوولا زانیان کە جەنگ لەدژی دەستکەوتی دوورکاتی هەردوولایانە • پاش ئەوە ، رۆژ لە دوای رۆژ زێتر هەستیان بەوە کرد کە هیچ کامێکیان ، نە سۆڤێت و نە ئەمریکا ، لە وزەیاندا نییە شەڕەکە رابگرن • چونکە سەرکردە موسوڵمانەکانی ئێران بڕیاری خۆیان بەدەست خۆیانەوەیە ، لە بڕیاردانیشدا تەنی حسێب بۆ رازی بوونی دڵی خوا دەکەن و هەر بە خواش پشت دەبەستن • بەلاّم سەددام کە هەڵگری ئیدیۆلۆژیی پانعەرەبیزمی عەفلەقییە ؛ بڕیاری خۆی بەدەست خۆی نییە و لە بڕیاردانیشدا حسێب بۆ رای دەوڵەتە گەورەکان و زلهێزەکان دەکات • جا لەبەرئەوەی جەنگ بە تاکە لایەک هەڵدەگیرسێ ؛ بەلاّم بە تاکە لایەک ناوەستێ وکە شەڕیش نەوەستی دەبێ هەر بە لەنێوچوونی لایەک ببڕێتەوە ، کە زۆر رێی تێدەچێ ئەولایەی دەیدوڕێنی سەددام بێ ؛ ئەمجا ئەمریکا و سۆڤێت کەوتنە خۆیان • هەرچی بەرەی رۆژاوا (بەتایبەتی ئەمریکا) یە نایەوێ سەددام بڕوا و دەیەوێ سەددام بمێنێ ، چونکە مانی سەددام — ئەگەر سوودیش نەگەیەنێ — کە دەیگەیەنێ — ئەوا هیچ زیانێک بە بەرەی رۆژاوا ناگەیەنێ و سەددامیش ئەو پیاوە نییە کە مەترسیی بۆ بەرەی رۆژاوا پەیدا بکات • هەرچی بەرەی رۆژهەلاّتیشە ؛ ئەوا ، وەک بەرەی رۆژاوا ، هەر دەیەوێ سەددام بمێنێ ، چونکە سەددام هیچ نەبێ موسوڵمانەکانی سۆڤێت لە کاربەدەستانی سۆڤێت تیژ ناکات وەک فەرمانڕەوایانی ئێرانی ئیسلام دەیکەن • هەروەها سەددام یارمەتیی ئەفغانییەکان نادات وەک خومەینی • بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا سۆڤێت نایەوێ مانەکەی سەددام لەرێی بەرەی رۆژاواوە پێک بێ ؛ بەڵکوو دەیەوێ لەرێی خۆیەوە بێ • چونکە سەرکەوتنی سەددام بەیارمەتیی و پشتگیریی بەرەی رۆژاوا ؛ مانای وایە کە ئێران وعێراق پێکەوە دەکەونە ژێر دەسەلاّتی ئەمریکاوە و ئەمەش سوودی سۆڤێتی تێدا نییە • لەبەرئەوە سۆڤێت حەز دەکات خۆی یارمەتیی سەددام بدات تا بتوانێ (( جەنگ )) ەکە بباتەوە ، یا هیچ نەبێ خۆی رابگرێ • بەلاّم دەست پێشکەریی ئاشکرای سۆڤێت بۆ یارمەتیی سەددام ؛ لەوانەیە زۆر بکەوێ لەسەر سۆڤێت • چونکە ئەوحەلە سۆڤێت نەک هەر ئێران ؛ بەڵکوو دوور نییە هەردوو دۆستەکەی ئێران ؛ سووریا و لیبیاش بکات بە دوژمنی خۆی و هەموو موسوڵمانە بنچینەگرەکانی جیهان بەربدا لە خۆی • لەبەرئەوە سۆڤێت ئەمەی ناوێ ، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە لە ئەفغانستاندا بە کۆستی خۆیدا کەوتووە • بێجگە لەمەش سەرکردەکانی کریمل ( سوپاییەکان و سویلەکان ) لەم دواییەدا لەنێو خۆیاندا لەسەر زۆر شت یەک نین • بۆیە هەڵوێستی سۆڤێت لەبارەی جەنگی عێراق و ئێرانەوە تا ئێستە هەڵوێستێکی کۆنکرێتانە نییە ؛ بەڵکوو هەلپەرستانە و لنێلە • ئەمەش ( تفسیر ) ێکە بۆ ئەوەی کە هێشتا کۆمۆنیستەکانی عێراق لەلایەن سۆڤێتەوە رانەسپێرراون کە بچن وەک جەلالییەکان لەگەڵ بەعسییەکاندا بکەونە وتووێژی ئاشت بوونەوە و هاوکاریکردن ، ئەگەرچی کەوتوونەتە مقۆمقۆ و دووریش نییە لە ئێستەشەوە خۆیان بۆ بۆنە ( مناسبت ) یەکی وا ئامادە بکەن •

هەوڵدانی ئەم دواییەی جەلال بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەعسی یەکاندا ، ئەوەش پاش هەڵگرتنی دروشمی (( رووخاندنی فەرمانڕەوایی )) ( اسقاط الحکم ) و دانیشتن لەگەڵ سەدام و دەستکردنە ملی سەدام ، ئەوەش پاش کردنی سەدام بە (( خوێنڕێژ )) و (( پیاوخۆر )) و (( تیرۆریست )) و رازی بوونەوە بە (( ئۆتۆنۆمی )) سەدامانە ، ئەوەش پاش هەڵگرتنی دروشمی (( بڕیاری چارەنووسی کورد )) ، ئەم هەموو تەڵەکەبازی و درۆ لەگەڵ خۆ و خەڵک کردنە هێندێك هۆکار ( عامل ) ی خۆیی (ذاتی ) هەیە ، وەك تەنیایی ی جەلالی یەکان لە گۆڕەپانی خواروی کوردستاندا ، هەروەها رازی نەبوونی خومەینی و رژێمی ئیسلامی ی ئێران بە هاوکاری کردن لەگەڵ جەلالی یەکان ، تەنانەت پاش ئەوەی جەلال بە نامەیەکی پڕ لە بردنە ئاسمانی رژێمی ئیسلامی ؛ خزمەتکاری ی خۆی پێشکەش بە خومەینی کرد و بەکراسی بەری خۆیەوە بە هەموو جۆرە هاوکاری یەك رازی بوو لەگەڵی دژی سەدام ،تەنانەت بە دژایەتی کردنی هێندێك لەو کوردانەی ئێرانیش کە ئێستە گوایە جەلال دۆستیانە • بێجگە لەوەش زیزبوونی سەرکردەکانی سووریا و لیبیا لە جەلال و هەڕەشە کردنیان بە بڕینی یارمەتی لێ ی • بەڵێ ••• ئەمانە هەموو هەن ؛ بەلام هیچیان هۆکاری بنەڕەتی نین • هۆکاری بنەڕەتی ئەم هەنگاوە ترسناکەی جەلال کە تەنانەت زۆر لە هەڤاڵەکانی خۆشی بەتایبەتی هەڤاڵەکانی ئەورووپای رازی نین پێ ی و تێ ی ناگەن ، دەگەڕێتەوە بۆ لەخشتەبردن و کەرکردنی یەکجارەکی جەلال و تامەتامەدانی بە هێندێك بەڵێن و گفتی سەرزاری لەلایەن ئەوانەوە کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بوونەتە هاوپەیمانی جەلال و لەژێرەوە پێوەندی یان بە داودەزگای سەرمایەداران و ئیمپریالیستەکانی جیهانی یەوە ، بەتایبەتی بە ئەمریکا و فەرەنساوە • هەرچی فەرەنسایە ؛ ئەوا ئێران بووەتە دوژمنی باوەکوشتەی و عیراقیش بووەتە دۆستی و بازاڕێکی کراوە بۆ سەرفکردنی کالای بازرگانی و تفاقی جەنگی فەرەنسا ،لەبەرئەوە فەرەنسا کە تووشی تەنگوچەڵەمەی ئابووری و دەردی بێ کاری بووە ؛ نایەوێ و لەبەرژەوەند یشی نی یە سەدام لەنێو بچێ و ئەوەتا تەنانەت فڕۆکەی هەتانداریشی دەداتێ و لە مەسەلەی ئەتۆمیشدا یارمەتی دەدا • جا لەبەرئەوەی فەرەنسا دالدەیەکە بۆ لایەنگرانی (( شورای ملی مقاومت )) کە لە (( مجاهدین خلق )) و (( حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران )) و (( بنی صدر )) پێك هاتووە ،دیارە سۆسیال دیموکراتی فەرەنسا بەسەرۆکایەتی ی میتەڕان کە پێوەندی یان بە (( حیزبی دیموکرات )) و (( مجاهدین )) ەوە باشە ، دەیانەوێ ئەمانە لەگەڵ عیراقی دۆستیاندا ڕێك بن و لەڕاستی دا ڕێکیشن • (( دیموکرات )) و (( مجاهدین )) لەگەڵ جەلالیشدا هەردۆستن و دەتوانن کاری تێ بکەن و لەم مەسەلەیەشدا دەوری نێوبژی کەر و مامانی لە دایکبوونی ئەم کەینوبەینە دەنوێنن • هەرچی ئەمریکایشە ئەوا ئەویش نەخشەیەکی خۆی هەیە بەرامبەر جەنگی عیراق و ئێران و رژێمی ئیسلامی کە لەگەڵ نەخشەکەی فەرەنسادا کۆکە • ئەمریکا پاش ئەوەی بەهۆی شۆڕشی ئیسلامی یەوە ناچار بوو لە ئێران کۆچ و باربکات ، وەك لەمەوبەر گوتمان ؛ ئێستە دەیەوێ بە هەموو جۆرێ رژێمی خومەینی بخات و یەکێك لەو هەنگاوانەی لەکۆنەوە خۆی بۆ هەڵنانی ئامادە کردووە ؛ ئەوەیە سیا ( سی • ئای • ئەی ) ـ هەر بەقسەی گۆڤاری ئەڵمانی دێر شپیگل لە ٢/١/١٩٨٤ دا ـ دەمێکە کۆمەڵێك ئێرانی هەڵاتووی دژ بە خومەینی کە لە تورکیا نیشتەجێ بوون بەخێو دەکات و پارە و مەسرەفی وێستگەیەکی رادیۆی دژ بە خومەینیش دەدات بە هیوای رۆژی خۆێ • پاش ئەوەی هیچ هەوڵوتەقەلایەکی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ خستنی رژێمی خومەینی سەری نەگرت و تەنانەت ئەو تیپە سەربازەی کە کارتەر لەکاتی خۆیدا ناردی بۆ (( رزگار کردنی )) بەبارمتەگیراوەکانی لە تاران ، سەرنەکەوت و ئەوە بوو فڕۆکەکەیان لە ( طمیس) کەوتە خوارێ و ئەمریکا بەد نێوتریش بوو ، ئەمجا دەیەوێ ئەم کارە لەرێی ئەو ئێرانی یە هەڵاتووانەوە بکات کە دژ بە خومەینین • بەکورتی ئەمریکا دەیەوێ ئەو ئێرانیانەی شاپەرست و ساڤاکی سەر بە بەختیار وعەلی ئەمینن و خۆیان لە تورکیا لەسەر سنووری ئێران مات داوە ،یا لە ئەورووپا و ئەمریکا گیرساونەتەوە ، بکاتەوە بە ئێراندا • ئەمەشی هیچ کاتێك پێ ناکرێ ئەگەر پێشمەرگەی کورد ڕێ ی

هاتنە نێو ئێران بگرێ لێیان یا بەرەرەکانێیان بکات یا هاوکاری لەگەڵیاندا نەکات • دەمێکە ئەرتەشبود ئاریانا هەوڵی گەڕانەوەدەدا بە خۆی و تاقمێك ئەفسەری شاهەنشاهی‌یەوە ؛ بەڵام نازانێ چۆن ! بێگومان پێشمەرگەکانی (( پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ))کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆرن ولەناوچەیەکی گەورەدا هاتوچۆدەکەن ودەستیان دەڕوا ؛ بە هیچ جۆرێ رێ بەکۆنە دەستوپێوەندەکانی شا وچڵکاوخۆرەکانی ئەمریکا نادەن • چونکە لایەنگیران و سەرکردەکانی ((پارتی )) لەکاتی بەهەشتی بارزانی‌دا ئەمریکایان تاقی‌کردووەتەوە و نایانەوێ جارێکی دی دەستیان‌هەر بەو ئاگرەدا بچزێتەوە • لەبەرئەوە ئەمریکا ناچارە ؛ هەروەك فەڕەنسا ؛ بیر لە دروست بوونی بەرەیەکی کوردی‌ی دژبە خومەینی وا بکاتەوە ؛ کە لە عێراقیش وئێرانیشدا دەستی بڕوا و ئامادەی هاوکاریش بێ • بۆ ئەمەش دەیەوێ بەرەیەك لە (( حیزبی دیموکراتی کوردستانی‌ئێران )) و (( یەکێتی‌ی نیشتمانی کوردستانی عێراق )) و (( حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران )) دروست ببێ ،کە ببێتە هاوپەیمانی سەددام • ئەمجا ئەم بەرە (( کوردی )) یە هەرپاش دروست بوونی و یەکگرتنی لەگەڵ سەددام ، ئەوا ، بیەوێ ونەیەوێ ؛دەبێ لەگەڵ ((نهضت مقاومت ملی ایران )) ی شاپووری بەختیار و (( جبهۀ نجات ایران )) ی علی امینی وتەواوی شاپەرستەکانی دی‌دا کاربکا • چونکە بەختیار وعەلی‌ئەمینی هاوپەیمانی سەددامن و ئەمەش مانای وایە کە شاپەرستەکان و هەموو ئەوانەی دەڵێن (( کورد هۆزێکی فارسە )) ؛ جێ پێیان لە کوردستاندا ببێتەوە وبتوانن هەر لەوێش بنکەیەك بۆخۆیان دابمەزرێنن و هەوڵی رووخاندنی خومەینی بدەن و دوور نی‌یە (( حکوومەتێکی سێبەر )) یش دابمەزرێنن کە شێوەی (( ئیئتیلاف )) وەربگرێ و بۆیاخێکی دیموکراتی‌یانەشی پێوە بێ و (( حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران )) یش ببێتە ئەندامی ودەست بکرێ بە باسی (( بەڕێوەبەریتی‌ی خۆیی )) بۆکوردستانی ئێران • ئەوەتا شاپووری بەختیار بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەکەی‌دا کە نێوی (( نهضت )) ە (( حیزبی دیموکرات )) بانگ دەکا بۆ هاوکاری ودەبێژێ (( ئێوە هەر مەبێژن کورد میللەتە ،چونکە ئێوە میللەت نین و ئەگەر دیوانی حافظ بسێننەوە لێتان هیچتان پێ نامێنێ ، بەڵام قەی‌ناکا فەرموو چیتان دەوێ ، بێجگە لەوە ، وەرنە پێشەوە قسە بکەن با لە سنووری ئێرانی پاشەڕۆژدا پێکەوە بیکەین )) • (تەماشای (( نهضت)) ، ژمارە (٥٠) ، ٦/١٠/١٩٨٣ ،ل ١١ بکە ) ،تەنانەت لەم دواییەدا ڕۆژنامەکەی عەلی ئەمینی کە نێوی ( ایران وجهان ) ە و لە پاریس دەردەچێ ؛ ووتاری وا بڵاو دەکاتەوە کە بە ئاشکرا داوا لە کوڕی شا دەکا کە بەزووترین کات بگەڕێتەوە بۆ ئێران و (( بانگی شۆڕش )) بدات لەدژی رژێمی ئیسلامی ، تا (( گەلی ئێران بەجارێك بکەوێتە دوای )) ! بەڵام ئایە کوڕی شا لە کوێوە بچێتەوە ئێران و لەکوێی ئێراندا دابنیشێ و حکوومەت دروست بکات؟ ئایە بە فڕۆکە بچێتەوە بۆ فڕگەی ( مهراباد ) ـ وەك زەمانی باوکی ،یا دەبێ لەپێشدا بچێتە بەغدا بۆ لای سەددام ئەوجا لەرێی جەلال ودەستەکانی‌یەوە خۆی بکات بە (( کوردستانی ئێران )) دا و لەسەر گوندێکی سەرسنوور لە نێزیك بارگەی (( حیزبی دیموکرات )) ەوە هەڵ بدات؟ کەواتە پێویستی بە سەددامیشە وجەلالیشە ودیموکراتیشە •

بەڵێ ••• مەسەلە زۆر روونە بەلای ئێمەوە و هەر بۆئەم شتەشە کە بەرەی ئیمپریالیستەکانی‌ئەمریکا و فەڕەنسا پێویستیان بە جەلال و هاوتاکانێتی لە کوردستاندا،واتە وەك دەرگەیەك بۆ هاتنە نێو ئێران ،بەڵام بەبێ بەکارهێنانی لەشکری خۆیان • بۆ ئەمەش دەبێ جەلال لەگەڵ سەددام رێك بکەوێ ، چونکە سەددام سەرچاوەی نان و ڕۆژی بەشێك لە دوژمنەکانی خومەینی‌یە ، ئەگینا ئەمریکاش و فەڕەنساش و سەددامیش زۆر چاك دەزانن کە بەری سوپای ئێران بە ( جەلال ) و ( مەلال )ناگیرێ • بەڵام جەلال و هاوپەیمانە کوردەکانی ئەوەیان لەدەست دێ رێی هێزێکی سەر بە ئەمریکا بدەن خۆی بخزێنێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە • ئەوسا کە ئەوە پێك هات ، ئەوجا بەرەی ناتۆ پێی دەکرێ بەچەکی قورس و پارەی زۆر و سەربازی فرەوە یارمەتی ئەو هێزە بدات و لەوانەشە ئەو هێزە بتوانێ هەر لە کوردستاندا (( حکوومەتێکی ئێرانی کاتی )) دروست بکات کە لە نوێنەرانی ((شورای‌ملی‌مقاومت)) و

(( نهضت مقاومت ملی ایران )) و (( جبهة نجات ایران )) و گەلێك دەستەو بەرەی دی پێك هاتبێ و رۆژنامەكان و رادیۆكانی سەر بە بەرەی ئەمریكا بكەونە زورناژەنی بۆی و چاوەڕوان بكرێ ؛ ئەگەر هاتوو ئێران تەنگەی هورمزی بەست ، ئەوا لەشكری ئەمریكا و فەرەنسا بەیارمەتی عەرەبستانی سعوودی و شێخ نشینەكانی خلیجی فارس پەلاماری ئێران بدەن و رژێمی خومەینی بخەن و رێ بۆ ئەم (( حكومەتە كاتی )) یە بكەنەوە تا بێتە سەركار ٠ ئەوەتا لەم دواییەدا ئەمریكا بە ئاشكرا هەڕەشە لە ئێران دەكات و تەنانەت رۆژنامەی (( واشنتەن پۆست )) نووسیبووی ( ژمارەی سەرەتای ئەمساڵ ) كە ئەمریكا بە دەوڵەتە دۆستەكانی خۆی لە ناوچەی خەلیجدا راگەیاندووە كە (( شەڕ دۆڕاندنی عێراق دژی بەرژەوەندیی ئەمریكایە و ئەمریكا دەیەوێ كارێك بكا كە عێراق نەیدۆڕێنێ و هەروەها ئەمریكا دەیەوێ پێوەندیی دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ عێراقدا تازە بكاتەوە )) ٠

ئەمجا كە رژێمی ئیسلامی بەو جۆرە رووخا ئەگەر رووخا ــ ئەوسا دوور نییە لە سەرەتاوە لە ئێرانیشدا جۆرە بەڕێوەبەرێتییەكی ناوچەیی بۆ كورد ، ئەویش لە هێندێك ناوچەی كوردستاندا ، نەك هەمووی ــ وەك ئەوەكەی عێراق ــ و بۆ ماوەیەك دروست ببێ و بەرەبەرە لە دەسەڵاتەكەی كەم بكرێتەوە هەتا بەجارێك لەنێو دەچێ ٠ هەر بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی بەرەی رۆژاوا ، بەتایبەتی ئەمریكا ، بۆ ئێران ، عێراقیش ئەوحەلە بەتەواوی دەچێتە ژێر دەستی بەرەی رۆژاواوە و ئەوجا رژێمە تۆتالیتێرە دابەشكەرەكانی كوردستان گەلێك لە ئێستە چەسپاوتر دەبن و بەمەش گرتووخانەیەك بۆ نەتەوەی كورد و نەتەوەكانی دیی رۆژهەڵاتی نێوەراست دروست دەبێ ٠ كە ئەمەی ئەمڕۆ لەچاویدا بەهەشت بێ ٠ جا ئەمەی (( جەلال )) ئەمڕۆ دەیكا ؛ تەنێ خشتێكە و دەخرێتە سەر بناخەی ئەو گرتووخانە سامناكە و پاش ئەوەش (( جەلال و مەلال )) وەك داشی دامە دەخرێنە ئەولاوە و توورِ هەڵدەدرێن بۆ دوور ، چونكە ئەودەوری دانراوە بۆیان كۆتایی دێ ٠

مێژووی ژیانی سیاسیی جەلال تاڵەبانی تا ئێستە ئەوەی سەلماندووە كە ئەم پیاوە لە مامەڵەی سیاسیدا لەگەڵ هیچ تاقمێكدا ؛ چ كورد ؛ چ بێگانە تا سەر سەركەوتوو نەبووە و هەنگاوە سیاسیەكانی پاش لێكۆڵینەوەی هورد و گردانەی هێزی خۆی و هێزی بەرامبەرەكەی نەناوە ؛ بەڵكوو دوای هەوا و هەوەس و خەیاڵ پلاوی و جۆش سەندن و خۆ بە زل گرتن كەوتووە ؛ كە ئەمەی دواییان یەكێكە لە سروشتە بنەڕەتییەكانی هوردە بۆرژوای كورد ٠ جا دوور نییە جەلال خۆشی لە هەموو لایەنێكی بنەمای ئەم كەینوبەینە ئاگادار نەكرابێ ، یا لە ئەنجامی لەخۆبایی‌یەتی وە یا دڵی خۆی بەوە خۆش كرد بێ كە بێژێ : (( جارێ با بە سەركردەی كورد بناسرێم ؛ ئەوجا جێ پێی خۆم قایم دەكەم بۆ پاشەڕۆژ )) ٠ بەڵام ئەو راستی‌یەی كە دەبێ بیزانین ئەوەیە ؛ ئەگەر بێتو بەعسی‌یەكانیش رازی بن ــ كە رازی نابن ــ بەوەی جەلال لەشكرێكی سەد هەزار نەفەری ( نەك چل هەزار نەفەری وەك دەڵێن ) ، بە تازەترین چەكەوە دروست بكات ــ كە پێشی دروست ناكرێ ــ لەگەڵ ئەوەشدا هەر پاش بڕانەوەی شەڕ بەسەركەوتنی سەددام ، یا وەستاندنی شەڕ ــ كە بەلای ئێمەوە بەپێی ئەو بەڵگەو نیشانانەی تا ئێستە بەدەستەوەن ؛ سەركەوتنی سەددام زۆر دوور دێتە بەرچاو ــ سەددام هەر رێی پێشوو دەگرێتەوە بەر ، واتە رێی لەنێوبردنی كورد ٠ خۆ ئەگەر خۆشی پێی نەكرا ، ئەوا ئەمجارە هەموو لەشكری ناتۆ بەتایبەتی توركیا بەردەداتە خواروی كوردستان وەك چەند مانگێك لەمەوبەر كردی ٠ بەڵام سەددام ــ وەك ئێمە بیناسین ــ كاتێك هەست بە مەترسی لە نەمانی خۆی بكات ؛ هەموو جۆرە (( تنازلات )) ێك دەكات ، بەمەرجێك بتوانێ دوایی وەری بگرێتەوە ، یا پێی وابێ كە دەتوانێ وەری بگرێتەوە ٠ بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین كە نەمانی كوتوپڕی سەددام دووری ( ابعاد ) یەكانی مەسەلەكە لەچاو كوردی عێراق و جەلالدا تا ئەندازەیەك دەگۆڕێ ٠ بەڵام ئەم گۆڕانەش هەر لە سنووری عێراقدا دەبێ ، نەك لە بنچینەوە و لەئاستی مەسەلەی كورددا بەگشتی ، كە ناگۆڕێ و هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە ٠ چونكە توركیا و پەیمانی ناتۆ رێی هیچ جۆرە سەربەخۆیی یا نیوە سەربەخۆیی و تەنانەت (( ئۆتۆنۆمی راستەقینە )) ش ، وەك جەلالی‌یەكان دەیانەوێ ؛ لە عێراقدا نادات ٠

هەروەها بە بوونی هێزێکی چەکداری کوردی بە هیچ جۆرێك رازی نابێ ؛ با ئەو هێزە جاشی سوپای عێراقیش بێ . ئەمە هەڵوێستی نەگۆڕی تورکیایە ، ئەوجا سەددام بمێنێ یا نەمێنێ ؛ ئەم هەڵوێستە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە . لەبەرئەوە لایەنگرتنی سەددام لەم بارەی ئێستادا ، تا تورکیا بەو جۆرە بمێنێ ؛ هەر بە زیانی کورد تەواو دە بێ ، ئەوجا سەددام شەر بدۆڕێنێ یا بیباتەوە هەر وەك یەکە . دوور نی یە پشتگیریی سەددام بشبێتە هۆی لەنێوچوونی بەشێکی گەورەی کورد . خۆ ئەگەر رژێمی بەعسی عێراق لەئەنجامی شەڕەوە رووخا و لە عێراقدا کۆمارێکی ئیسلامی دروست بوو ، ئەوا دیارە مەسەلەی نەتەوەیی کورد چارەسەر ناکرێ لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی ئیسلامەوە ، بەتایبەتی بەوجۆرەی ئێمە دەمانەوێ ؛ چونکە فەرمانڕەوایانی ئیسلامی عێراق تا ئێستە هیچ جۆرە داوودەزمیرێکیان دانەناوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد وگەلە جیاجیاکان ، بەڵام ئەوە هەیە کە کورد ئەو دەمە لە خەتەری ناسیۆنالیزمی بەعسی عەفلەقی و مەترسی تواندنەوە و لەدەستچوونی خاکەکەی رزگار دەبێ . ئەوجا دەستکەوتنی هێندێك بنکەی سیاسی و سوپایی وکولتووری بۆ پاشەڕۆژیش بەستراوە بە ووتوو وریایی‌ی بزووتنەوەی کوردایەتی خۆیەوە . کەمی وزۆری دەستکەوتیش بەپێی کەمی و زۆری تێکۆشان و بەردەوامی تێکۆشانە .

شایانی باسە ئەوەیە کە ئامانجی ئیدیۆلۆژی‌ی ئیسلامی‌ی شیعەیەتی لەنێوبردنی هیچ گەلێك و هیچ زمانێك و هیچ وولاتێك نی‌یە . لەبەرئەوە و هەرچەندە ئیدیۆلۆژی‌ی ئیسلامی بەربەرەکانێی بیری کوردایەتی و سەربەخۆبوونی کوردستان دەکات ، بەڵام کورد وەك گەلێك و بەپێی نەخشەیەکی کێشراو و لەوەپێش دانراو لەنێو نابات ، بەپێچەوانەی ئیدیۆلۆژی‌ی فارسیزمی شاهەنشاهی و تورکیزم و تۆرانیزمی کەمالی و تورکەش وعەرەبیزمی عەفلەقی‌یەوە ؛ کە ئامانجیان لەنێوبردنی کورد وکوردستانە ، چ بە زۆر وچ بە سیاسەت . ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی دی‌یەوە بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراق و لە ئێراندا ، جۆرە نێزیکی و هاودەنگی یەك لەنێوان کوردی رۆژهەڵات و خوارووو رۆژاوای کوردستانیشدا دروست دەکات و سنوورە دەستکردەکانی کوردستان تا ئەندازەیەك ناهێڵێ و تێکەڵی لە نێوان کوردی ئەو سێ بەشەدا پەیدا دەکات و ئەوحەلەش ئیدیۆلۆژی‌ی ئیسلامی لەلایەك و نەتەوەی کورد لەلایەکی دی‌یەوە ، هەلێکی باشتر و لەبارتر هەڵ دەکەوێ بۆیان کە یەخەگیری ئیدیۆلۆژی‌ی تورکیزمی کەمالی ببن . بە نەمان یا بێ‌هێز بوونی خەتەری تورکیزم و تۆرانیزم مۆڵگە هەرە گەورەکەی لەشکری دوژمنانی کورد وکوردایەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا دەشکێ و ئەوسا بزووتنەوەی کوردایەتی لەباتی ئەوەی بەرامبەر چەند ئیدیۆلۆژی‌یەکی فەرمانڕەوای جۆرجۆری کورد لەنێوبەر ؛ بوەستێ ، بەرامبەر تاکە یەك ئیدیۆلۆژی‌ی دژ بە کوردایەتی ، نەك دژ بە کورد دەوەستێ .

لێرەدا پێویستە دوژمنانی کورد لە دوژمنانی بیری کوردایەتی جیابکەینەوە . ئەمەش زۆر گرنگە .

هەرچی دوژمنانی کوردن ئەوا دەیانەوێ کورد وەك گەلێك نەمێنێ و خاکەکەی لەدەست بچێ و لەنێو بێگانەی عەرەب و تورك و فارسدا بتوێتەوە . هەرچی دوژمنانی بیری کوردایەتیشە ، ئەوا تەنێ بەربەرەکانی‌ی بیرێکی سیاسی دەکات ، نەك هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی گەلێك و نەهێشتنی هەتەرویەتەری . بەربەرەکانی کردنی بیرێکی سیاسیش بەستراوە بە هەلومەرجی تایبەتی‌ی خۆیەوە وکە ئەو هەلومەرجە نەما ؛ ئەوا ئەو بەربەرەکانێ‌یەش نامێنێ . لەبەرئەوە کە گەلەکە خۆی ما ، ئەوا بێگومان دەتوانێ بیرەکەش زیندوو رابگرێ . بەڵام کە گەلەکە خۆی نەما ، ئەوسا بیرەکە ئەگەر لە هەموو کتێبخانەیەکیشدا بەئاشکرا بخوێنرێتەوە ؛ سوودی هەر نابێ .

سەددام لەو ووتارەیدا کە بەنێوی (( خندق واحد أم خندقان )) ە ؛ دەبێژێ : دەبێ کارێکی وا بکەین کە کورد نە لەباری ( مادی ) یەوە و نە لەباری ( معنوی ) یەوە ، نە ئێستە و نە لە پاشەڕۆژدا ؛

دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ لە عێراق جیاببێتەوە • دیارە ئەمە مانای وایە کە دەبێ کورد وا لێ بکرێ ئەرزەکەی نەمێنێ و لەنێو عەرەبدا ئاوەکی بکرێ بەجۆرێ کە بیر لەوە نەکاتەوە گەلێکی سەربەخۆیە • واتە نەخشەیەک دەبێ بخرێتە کار کە هەزاران ساڵی دیش کوردستانێک دروست نەبێ • بەڵام خومەینی دەڵێ : دەبێ هەوڵ بدەین لە کوردستاندا کافر نەمێنێ وکورد بەرەو ئیسلامەتی ببەین • جا ئەگەر بێتو ئەم دوو ئامانجە بە تەرازووی سیاسەت بپێوین ، یەکەمیان : دوژمنایەتی یە لەگەڵ کورد و دووەمیان : دوژمنایەتی یە لەگەڵ بیری کوردایەتی • جا لەبەر ئەوە و سەبارەت بەوەی مەسەلەی ئەمڕۆی کورد مەسەلەی مان و نەمانە ؛ دیارە ئێمە دەبێ مەترسی‌ی دوژمنانی کوردایەتی و بیری سیاسی‌ی کورد لە مەترسی‌ی دوژمنانی کورد و کورد بوون بە کەمتر بزانین •

جا لەبەرئەوە ئێمە دەبێ ئەم کارەی جەلال بە کارێکی یەکجار خراپ و پڕ لە مەترسی بزانین و لەکۆتایی‌ی باسەکەدا دەبێ ئەوەش بخەینە بەرچاو کە دەرنەکردنی هیچ بەیانێک ئەمڕۆ (٦/١/١٩٨٤) لەلایەن سەددام و جەلالەوە بەپێچەوانەی ئەو هەواڵانەی کە دەیانگووت لەرۆژی شەشی مانگدا بەیانێک دەردەچێ ؛ ڕەنگە هۆی ئەوەبێ کە هەردوولا گەیشتبنە ئەوەی دەرکردنی بەیان مانای بەدڕۆزن دەرچوونی ئاشکرای هەردوولایە ، لەبەرئەوە دوور نی‌یە کە هەردوولا ڕازی بووبن بە ڕێککەوتنێکی نهێنی و بۆ هێندێک کاروباری تایبەتی وەک هاوکاری کردنی هەردوولا لەگەڵ یەک بۆ هێنانەدی ئەو نەخشەیەی لەسەرەوە باسکرا ؛ بێ ئەوەی دەهۆڵ‌وزورنا لێبدەن بۆی • چونکە دەهۆڵ‌وزورنای ئۆتۆنۆمی لە ١١ای مارتی ١٩٧٠دا لێدرا و بڕایەوە و ماڵیش هەرجارێ خەتەنە دەکرێ و جارێکیش دەهۆڵ و زورنا لێدەدرێ بۆی • بەڵام نەتەوەی کورد نابێ ڕێی ئەوە بدات دیسانەوە جارێکی دی و بەڵام ئەمجارە بەدزی‌یەوە خەتەنەی بکەنەوە •

بە سڵاوی هاویرانەوە

هاویرتان

( ئیمزای نووسەر )

هەواڵنامەی کتێب

له بڵاوكراوەكانی چاپخانەی شەهید ( عومەر ساڵح مەنسوور )